ئـيدارەی گـــەرميـان

بەڕێوەبەرايەتی گرێبەستەكان

ژمارە : ٢٦٠٦

ڕێكەوت : ٢ / ٨ / ٢٠٢٢

---

بانگهێشتی گشتی

## كەمكردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.12- 2022) تەندەری پرۆژەی

## ( چاككردنی كەم و كورتیەكانی بینای ئیدارەی گەرميان )

## كەمكردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی كراوە

ئاگـــاداری ســـەرجەم بەلێنـــدەر و كۆمپانياكـــان دەكەيـــنەوە كە تەنـــدەر ی پـــرۆژەی نـــاوبراوی ســـەرەوە هەیە ، كە ئامادەكراوە لە لايەن (ئيدارەی گەرميـان ) ، لە سـەر بـودجەی ئاسايی ئيـدارەی گەرميـان خەرج دەكرێـت ، هەركەس ئـارەزووی بەشـداری كردنـی هەيە بـا سـەردانی ب.ژمێريـاری لە ديـوانی ئيـدارەكەمان بكـات بەمەبەسـتی وەرگرتنـی تەنـدەر . مـاوەی جـێ بەجێكردنی پرۆژەكە ( ٢٢٠ ) دوو سەد و بيست ڕۆژی تقويمی يە.

• ئەم كەمكردنەوە گشتی يە بەپێی ڕێنمايی جێ بەجێكردنی گرێبەستە حكومی يەكان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جـێ بەجـێ دەكرێـت كە كراوەيە بۆ هەموو پێشكەش كارانی تەندەر .

• وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی ( يەک شەممە ٧/ ٨ /٢٠٢٢ )ەوە دەسـت پـێ دەكـات تـا ڕۆژی (يەک شـەممە ٢١ / ٨ / ٢٠٢٢) كـاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەيانی تا ( ١١:٠٠ ) ی پێش نيوەڕۆ لە ئيدارەی گەرميان بەرامبەر بە ( ١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دينار كە ناگەڕێتەوە بـۆ خـاوەنەكەی وە كرێی بڵاوكردنەوەی ئەم ئاگادارييە دەكەوێتە ئەستۆی ئەو كەسەی كە كەم كردنەوەكەی بۆ دەردەچێت .

• دوا كاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ( سێ شەممە ٢٣ / ٨ / ٢٠٢٢ ) كاتژمێر (١١:٠٠ )ی پێش نيوەڕۆ يە وە ڕۆژی ئاشكرا كردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ كاتژمێر ( ١١:٠٠ )ی پێش نيوەڕۆ يە وە لە كاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.

• ئەكرێت پێش كڕينی تەندەر خوازيار بۆ بەشداری كردن سەيری بەڵگەنامەكانی تەندەر بكات.

• بەشـداربوان بـۆ هەر پرسـيار و ڕوونكـردنەوەيەك لەســەر تەنـدەری پـرۆژەكە دەتـوانن سـەردانی ئيـدارەی گەرميـــان / ب. گرێبەستەكان بكەن .

• مەرجەكان:

١- پێويستە ئەو كۆمپانيا و بەڵێندەرانەی كەبەشداری دەكەن پلەی پۆلێنكردنيان ( ٢ تا ٩ ) بێـت وە پێناسـی وەزارەتـی پـلان دانـان و يەكێتی بەڵێندەرانی كوردستان يان عێراقيان (ئەوانەی كە تۆمارن لە هەرێمی كوردستان ) هەبێت.

٢- بەڵێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضـامن ) بەپێـی وێـنەی هـاوپێچ لە بەڵگەنامەكـانی تەنـدەر دا هەيە پێويسـتە لەكاتی گەڕانەوەی تەندەر پـڕ كـرابێتەوە لەلايەن پێشـكەش كـاری تەنـدەر وە مـۆر وواژۆی لەسـەر بێـت و پەسـەند كرابێـت لەلايەن فەرمانگەی داد نووس يان ب.كاروباری ياسا لە ديوانی ئيدارەی گەرميان.

٣- ماوەی كار پێ كردنی تەندەرەكان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەت ڕۆژە لە ڕۆژی كردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەكات .

٤- پێويستە ئەو كۆمپانيا و بەڵێندەرانەی كە بەشداری دەكەن پشتگيری بەڕێوەبەرايەتی گشتی تۆماركردنی كۆمپانياكان يان هەبێت كە هيچ كەم و كورتی يەكی ياساييان نيە .

٥- پێويستە ئەو كۆمپانيا و بەڵێندەرانەی كە بەشداری دەكەن ئەستۆپاكی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٢) يان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵ بوەشێنێتەوە .
٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**رامیار عبدالرحمن احمد**

**ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان**